# له شاعیریەوە بۆ رەكلامی ئایدۆلۆژی

## عادل ئیبراهیم

كاك بژاری شاعیر ئەمجارە لەبری هۆنراوە  چەند كۆپەلە دیریكی ئایدۆلۆژی ریزكراو بۆ پشتیگیری لە حیزبی تەقوایی چەپی عیراق دارشتوەو بلاوكردەوە، دەیەویت پیمان راگەیەنیت، ئەو حیزبە ئەبوایە دامەزرایە؟.

بەلام هەر بەو بەلگانەی كاك بژار ریزی كردوون دەبوا ئەو حیزبە دانەمەزرایە، چونكە بە نیازی ئەو بەلگانەی كاك بژار دەخوازێ، ئەوە لێكدەریتەوە  نەدەبوا كاتی خۆی حیزبی كۆمۆنستی كریكاری عیراق دابمەزرایە، بە مانایەك  كاكی شاعیر پەشیمانە لە پەیوەست بونی بە حیزبی كۆمۆنستی كریكاری عیراقەوە، واتە دروست بونی ئەو حیزبەو ئەندامەتی پژار، بەو لۆژیكە دەبیتە هەلەیەكی میژوویی، كە لە چاوی ئیستای شاعیرەوە ئەو هەلە میژوویيە تەقواییەكان خەریكن بۆی راست دەكەنەوە!

با لەوە بگەرین، بەلام حیزبیك بە 22 كەس كە لە حیزبی كۆمۆنستی كریكاری عیراق جیابونەتەوەو لەو حیزبەدا فرسەتو دەستكەوتیكیان پیێ نەبرا، نە كەسانی سەر شوناسو نەرابەرانی كریكاریی، نەناودارانی سیاسی نیو خەلكین، كورە عەیب نەبیێت هەتا لە نیو كۆمۆنستەكانیشدا نەناسراونو ناونیشانیێكی دیاریان نییە، هەتا كەسانیێ نین لە پیش بردی ماركسیزمدا نەك دەوریان بوبیێ مەعلوم نیە كە بۆ خۆشیان رۆشنن یا نا، ئەوەی من بزانم هەرە ناودارترینیان كاك بژار خۆیەتی، ئەویش وەك شاعیریێكی چەپی نەك كریێكاری ناویێكی لە ناو كۆمۆنستەكاندا هەیە، بۆیە بەزمەكە لەوەوە سەیر دەبیتەوە كاتی پژار دەبیتە پیا هەلخوانی رستەی ئایدۆلۆژی بۆ دامەزارنی ئەو حیزبە كارتۆنیەو رەكلامیان بۆ دەكات، كەچی پیشتر كاك بژار پیوستی بەوە بوو حیزبی كۆمۆنستی كریكاری عیراق رەكلام بۆ شیعرەكانی بكات، ئیتر وەزعەكە خەریكە قەباعەتر دەبیێت.

بەداخەوە كاك بژار توانای شیعری بەزوویی بۆ نەكەوتە گەر تا بە بۆنەی ئەو شتەی دەبوا دامەزرایە پیێكیێ هۆنراوە هەلدا  ، لەوە دەچیت ئەم رووداوە سۆزی شیعری باش نەجولانبیێت، رستەی ئەدەبی جاریێ نەكردۆتە قوربانی رەكلامی حیزبی تازە.

كاك بژاری شاعیر لە هەلویستی ئایدۆلۆژیدا بە هەندیك جیاوازیەوە وەك نەخۆشی هەلویستی سیاسی شاعیری كوردایەتی كاك شیركۆ بیێكەسی بەسەر هاتووە، كاك شیركۆ هەركەسیێ بەحال ناوبانگی بۆ كوردایەتی دەركردایە شیعرەكەی ئامادەبوو، كاتیێ ئەو ناوبانگە بە شكست دەهات بۆ كاك شیركۆ لەباری سیاسیەوە خەجالەتیەكی گەورە بووە، لەگەل ئەوەشدا تا ئیستاش  كاك شیركۆ دەرس وەرناگریتو هەر پاش كەوتوی رووداوەكانە، بەلام ئەوەی ناوی شیركۆی راگرتووە تواناییو لیهاتوییە لە بواری هۆنراوەدا.

كاك بژار لە باری هەلویستەوە هەمان دەردی بەسەر هاتووە، شیعر بۆ حیزبی كۆمۆنستی ئیران، بۆ حیزبی كۆمۆنستی كریكاری عیراقی ووتووە، ئیستاش بای داوەتەوەو بەدوای روداوی بچكۆلانەو ناكۆمەلایەتی ترەوەیەو رەكلامی ئایدۆلۆژی بۆ حیزبی چەپی تەقواییەكان دەكات، كە لە ئیستاوە بە سەروچاویانەوە دیارە وازیەكی منالانە دەكەن، كاك بژاریش بە دارشەقەوە دوایان كەوتووە، دیارە دواتریش وەك شیركۆ بەرەو هەلدیری خەجەلاتی دەكشیێت، بەلام فەرقی لەگەل شیركۆدا لەوەدایە كە نەیتوانیەوە خاوەنی تواناولیهاتویی مەیدانی هۆنراوە بیێتو هیچ نەبیت ناوبانگی ئەدەبی بپاریزیت.

حەدم نییە ئامۆژكاری كەس بكەم، وابزانم بۆ كاك بژار وەها باشتر بوو خۆی تووشی ئەم دەردی سەریە نەكردایەو سەربەخۆیی خۆی لە ناو جەنجالی شەروشۆری كۆمۆنستەكاندا بپارستایە، ئەو سەربەخۆیە لەباری ئایدۆلۆژیەوە سەلامەترە بۆی، بەلام بەداخەوە...!